

## ژیان... تۆ لەکوێی

# دوای ١١ ساڵ لە پێشمەرگایەتی خێزانێک بەخێر دەژین

**میدیا: هەڵۆ مەرگەیی - حاجیاوا /** حوسێن حەمەئەمین، تەمەن ٦٠ ساڵ، لەگەڵ خێزانی و چوار کچەکەی، پارچە پەڕۆیەکیان راخستووەو لەژێر دیوارێک دانیشتوون و چاوەڕێی کەسێک دەکەن تا خێریان پێبکات، بۆیە کاتێک لێی دەپرسی بۆچی سواڵ دەکەیت دەڵێت "ئێمە سواڵ ناکەین، داواش لەکەس ناکەین و بەماڵانیشدا ناگەڕێین بۆ پارە، بەڵکو خەڵک خۆی خێرمان پێدەکات".

سەبارەت بەخانووەکەیان دەڵێت ئێمە ٦ سەر خێزانین بەبەرد و پارچە بلۆک ژوورێکمان بەقوڕ دروستکردووە، هەر رۆژێک بێن دەیرووخێنن.

لەبارەی منداڵەکانیشی گوتی: تەنیا یەکێکیان دەخوێنێت لەپۆلی یەکی سەرەتاییە، ئەو ئاماژەی بە کچێکی کرد بەناوی (چیمەن) تەمەنی ١١ ساڵەو نەخۆشی (فێداری) هەیەو منداڵان گاڵتەی پێدەکەن، وتی لەبەر کچەم ئێمە بەردەوام لەکۆچکردنین.

زۆر ئاستەمە لەبەرامبەر کەسێکی وادا پرسیار بکەیت و لەمێژینی ژیانی رابردووی تێبگەیت، وەک دیاربوو نەیدەویست ئەوەی چەندین ساڵە لەدڵیدایە بۆمان باس بکات، تەنها ئەوە نەبێت کە لەساڵەکانی ١٩٦٥ تا ١٩٧٠ پێشمەرگەی پارتی بووەو لە ١٩٧٧ تا ١٩٨٢ پێشمەرگەی یەکێتی بووە، وتی "کەچی ئێستا تەنها مانگانە پارتی (٢٠) هەزارم دەداتێ".

مام حوسێن، وەک لەسیمای دیارە کەسێکی هێمن و کەمدووە، کاتێک بیر لەژیانی خۆی دەکاتەوە پاش ئەو هەموو ساڵە پێشمەرگایەتییە، لەگەڵ ژیانی ئێستای، پێت دەڵێت کاکە ژیانی چی! وتی "کەسێک لەناو ژوورێکی قوڕدا بژیت و بەپارەو خێری خەڵک بژیت، ژیانی لەکوێ بوو".